# لە باشوری کوردستاندا باسی: ئازادی رادەربڕین و نەتەوایەتی مەکەن

ئەکبەر جەهانگیری

ئازادی رادەربڕین دەستەواژەیەکە زیاتر لەو کاتانەوە دەکەوێنە رۆژەڤەوە کەیاساکانی کۆمەلگا لە چوارچێوەی (دەوڵەت - نەتەوە - حزب — قەبیلە - عەشیرەت — خێزان) نەتوانێ وەڵامی هەموو پرسەکانی تاك و کۆمەلگا بداتەوە، ئیتر ئەو یاسایانە بچووك و بەرتەسك دەبنەوە لە ئاست داخوازییەکانی تاك و کۆمەلگا، یان ئەوەتا ئەو کەسانەی کە یاساکانیان داڕشتووە و کاری لەسەر دەکەن بۆ خۆیان وەکو پێویستێك هەستن گۆڕانکاری لەو یاسایانە بکەن، یان ئەو دەستەواژەیە دەکەوێتە رۆژەڤەوە.

ئازادی رادەربڕین لایەنی سیاسی و لایەنی کۆمەڵایەتیشی هەیە، لێرەدا هەوڵدەدەم زیاتر لایەنە سیاسییەکەی باس بکەم، چونکە ئەمڕۆ لە کوردستاندا لایەنە سیاسییەکەی زۆرتر لە پێشە و رۆژەڤێکی بنەڕەتییە.

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی و بەتایبەتی لەو کاتەوەی کە ئیتر دەسەڵاتی مرۆڤ لەسەر مرۆڤ و موڵکییەت و چین درووست بووە، وەکو دوالیزمێك، هەمیشە بزاوتی ئازادیخوازی و چینی دەسەڵاتدار لەنێو داکۆکیدا بوون و هیچ کامیان نەیانتوانییوە بەرامبەرەکەیان لەناوبەرن. لە قۆناخە جیا جیاکاندا نارەزاییەکان بەشێوەی جۆراو جۆری وەکو"ژیانی شوانکارەیی — قەبیلە — عەشیرەت — فەیلەسووفەکان — پێخەمبەرەکان — زانستمەندەکان و دواتریش رێکخراو و پارتەکان" هەڵوێستی خۆیان دەربڕیوە، لەبەرامبەر ئەمەش چینی دەسەڵاتدار دەستوەستان، نەوەستاوە و بەشێوەی جیاجیا بۆ داپلۆساندنی ئەو بزووتنەوانە کاریکردووە.

دوالیزمی دەسەڵات و بزووتنەوەی ئازادیخوازی, ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەتوانین بڵێین، مێژوویەکی کۆنی هەیە، جا ئیتر لێرەدا گرنگ نییە کە چینی دەسەڵاتداری کوردی — عەرەبی — تورکی یان فارسی بێت بەرای من چینی دەسەلاتدار لە کوردستاندا گۆڕاوە، بەڵام لە ئاکار و رەفتاردا هەمان شت پەیڕەو دەکات، چۆنیەتی رەفتاری دەسەڵاتی باشووری کوردستانیش ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنێ. لەماوەی ئەو 15 ساڵەدا، رەوشی کوردان لە باشووری کوردستاندا ستاتۆیەکی ناودەوڵەتی ڤازانج کردووە. هەڵبەتە ئەمەش بە خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی سیاسەتمەرانی کورد نەبووە, بەڵکو لە ئەنجامی بەرژەوەندی نێو دەوڵەتییەکان و رەنج و ئەمەکی سەدساڵەیگەلس کورد و خوێنی شەهیدەکانی هاتووەتە ئاراوە، ئەمە لەڕووی سیاسییەوە ڤازانجێکی بۆ گەلی کورد هەیە کە ئیتر سیاسەتی پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد لە لایەن دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهانەوە بێ واتا بووە، بەڵام لێرەدا شتێك کە جێگەی داخ بێت دەسەڵاتی کورد لە باشووری کوردستان هەستی بەمە نەکردووە و هێشتا سایکۆلۆژی — ترسی دەسەڵاتداری سەر کوردستانی لەسەر خۆی لانەبردووە و دەیەوێ دڵی ئەوان رازی بکات، ئەوان چۆنیان پێخۆش بێت، بەو شێوەیە هەڵسووکەوت دەکەن. دیارە وەکو ئاشکراشە گەلی کورد ئەمەی پێ قەبوڵ نییە و هەزمی ناکات و داکۆکی لە مافە رەواکانی خۆی بکات، گوتەکانی "خەڵکی هەڵەبجە و گەرمیان، با مەسئولەکان نەیەنە شارەکەمانەوە" ئەو راستییە دەسەلمێنێ.

ئەگەر سەیر بکەین لەم ماوەیەی دواییدا نارەزاییەکان زیاتر لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، خۆی دەنوێنێ، ئەمەش دوو هۆکاری بنەڕەتی هەیە یەکەم گەندەڵی سەرتاسەری لە هەموو داموودەزگاکاندا تەشەنەی کردووە. دووەم حکومەتەکە تۆزێك کراوەترە، ئەم کراوەییەش تۆزێك لاساییکردنەوەی وڵاتانی ئەوروپا و زیاتریش لە ناکۆکی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت. واتە ئیتر یاسا و بیر و بۆچوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئاست داخوازییەکانی گەل کەمن — بچووکن — بەس نین — چارەسەرییەکانی ئەو پارتەش، کە هێزە لەبەرامبەر گەل، بێ پیلانی و بێ پرۆژەیەیی ئەو پارتە دەگەیەنێت، پارتییەکی بێ پرۆژە و بێ پیلان، واتە ئەو پارتییە تەواو بووە و کۆتایی پێهاتووە و ئیتر چاوەڕێی کات دەکات.

خۆپیشاندانەکەی ئەم دواییەی پارتی چارەسەری، خۆپیشاندانێکی ئاسایی بوو، دەنگێك بوو کە داکۆکی لە مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکان دەکرد، بۆ نموونە درووشمەکانیان داکۆکیکردن بوو لە ئەنفال و سەرهەڵدانەکەی ئامەد، ئەگەر یەکێتی نیشتمانی لە دژی خۆپیشاندانێکی بەو شێوەیە بێت، کەواتە هیچ پرۆژەیەکی نەتەوەیی و هیچ شتێکی بۆ ئەنفال نییە و بگرە لە دژییەتی. یەکێتی نیشتمانی بەم کارەی هەم لە رووی دیموکراتیی و هەم لەڕووی نەتەوەییەوە، تەنها خۆی ریسوا کرد، هەنگاوێکی زۆر بێ واتای ناوە، لێرەدا مەسەلە پارتی چارەسەری نییە، ئەو سەرکوتکردنە ئەوە دەگەیەنێت کە دەمتان بگرن و باسی ئازادی و نەتەوەیی مەکەن، ئەگینا لە زیندانەکاندا خۆتان دەبیننەوە!!

یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێویستە بەخۆیدا بچێتەوە و داوای لێبووردن لە گەلی کورد و خەڵکی ئەنفال بەگشتی پارتی چارەسەری بەتایبەتی بکات، چونکە کارێکی زۆر بێ واتای ئەنجامداوە. کە هیچ پەیوەندییەکی بە کوردایەتییەوە نییە!!

مەسەلە لە ئازادکردن یان نەکردنی ئەندامەکانی ئەو پارتە گەورەترە، لەژێر چەمکی ئەو دەسەڵاتەدا قەدەخەی ئازادی بیرو را، نەتەوایەتی شاراوەیە!